
# بەیاننامەی نارەزایەتی لە دژی تیرۆری
# رۆژنامەنووس (سەردەشت عوسمان)




هەر وەکو ئاشکرایە لە بەرواری ٤/٥/٢٠١٠ دا خوێندکارو رۆژنامەنووس سەردەشت عوسمان بە رۆژی روناك و لە بەردەم زانکۆی سەلاحەدین لە هەولێر، لە لایەن باندیکی ترۆریستی یەوە دەفرێندرێ و بە شێوەیەکی زۆر بەربەریانەو دوور لە هەموو رەوشتێکی مرۆڤانە دەیکوژن و دوای دوو رۆژ تەرمەکەی لە شاری موسل دەدۆزرێتەوە.

ئێمە وەکو رەوەندی کوردی لە ویلایەتی فیکتۆریا (شاری ملبۆرن) لە ئوستراليا، تیرۆری رۆژنامە نووس و خوێندکاری زانکۆ، خەباتکاری ئازادی (سەردەشت عوسمان) بە توندی ئیدانە دەکەین و دەنگی خۆمان دەخەینە پال دەنگی ئەم نارەزایەتییانەی لە ناوەوەو دەرەوەی کوردستان بەرز بۆتەوە بۆ بەرگری کردن و دەستەبەرکردنی ئازادی یە سیاسی و مەدەنی یەکان.کە بە داخێکی زۆرەوە (سەردەشت عوسمان) یەکەمین قوربارنی ئەم رێبازە نی یەو لە چەند ساڵی رابردوودا دەیان کارەساتی تری ئەوا رووی داوە. بۆیەش ئێمە بۆ بەرگرتن بە هەرەشەو تیرۆر و سەرکوت، ئەم داخوازی و داواکاری یانەمان هەیە لە بەرامبەر حکومەتی هەرێمی کوردستان:

- ئیدانە کردنی کردەوەی ترۆریستی لە دژی رۆژنامەنووس سەردەشت عوسمان و تەواوی رۆژنامەنووسانی تر.
- بەرپرسیارکردنی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە گشتی و وەزارەتی ناوخۆ و ئاسایشی هەرێم بە تایبەتی.لە هەموو رووداوەکانی هەرەشە و کوشتن و لێکۆلینەوەی جدی لەو تاوانانە.
- دۆزینەوەی بکەرانی ئەم کردەوە ترۆریستی یە و دانیان بە دادگایەکی دادپەروەرانەو ئاشکرا بۆ کۆمەلانی خەڵکی کوردستان.
- پاراستنی ئازادی و گیانی رۆژنامەنووسان لە کوردستان.

**ڕەوەندی کوردی لە فیکتۆریا (ملبۆرن) – ئوستراليا**

١٥/٠٥/٢٠١٩

وێنەیەك بۆ:

-سەرۆك كۆماری عێراق

-سەرۆكی هەرێمی كوردستان

-سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان

-تەواوی رێكخراوە مرۆڤدۆستەكان و ناحكومییەكانی دونیا

## ئەمانەی خوارەش وێنەی كۆبونەوەكەیە:





